# سوپای ئیسرائیل: ئێران زیاتر لە 100 درۆنی بەرەو ئیسرائیل هێداوە

ئەمە هەینی ،وتەبێژی سوپای ئیسرائیل رایگەیاند ، ئێران زیاتر لە 100 درۆنی بەرەو ئیسرائیل هێداوە.

وتەبێژی سوپای ئیسرائیل لەبارەی هێرشەکەی لەسەر ئێران راگەیەندراوەکی بڵاوکردەوە و ووتی، ئێران زیاتر لە 100 درۆنی بەرەو ئیسرائیل هێداوە و هەموو سیستەمەکانی بەرگری ئاسمانی کار بە رووبەرووبونەوەیان دەکەن.

وتەبێژی سوپای ئیسرائیل جەختیکردەوە، وڵاتەکەی لە بەرەبەیانی ئەمەدا بە 200 فڕۆکەی جەنگی هێرشی کردوەتە سەر زیاتر لە 100 ئامانج لە ئێران، "سەرکردە باڵاکانی ئێرانمان لەناوبرد".

ئاماژەی بەوەشکرد، "لە ئەنجامی هێرشکان بە سەر ڤژیمی ئێران سە سەرکردەی باڵای دامەزراوەی سەربازی و ئەمنیی ئێران لەناوبران، کە دیارترینیان محەمەد باقری، سەرکی ئێرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران و حوسەن سەلامی، فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران و غوڵام عەلی ڕەشید، فەرماندەی فەرماندەیی حاتەم ئەلئەنبیای ئێران".